دارایی پەرلەمان: هەمواری بودجە دەبێتە سەرەتایەك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە هەڕەسەردراوەكانی نێوان بەغدادو هەولێر

عەتوان عەتوانی، سەرۆكی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، لە هەمواری بودجەدا جێگەی ئەو بڕگانە دەكەینەوە ڕەگری لە خەدزینەوە و هەڕەهاتن لە پابەندیكان دەكەن و پێویستە هەرەم پابەندبێت بە هەناردەكردنی نەوتەكەی لەڕێی سەمەوە، دەشێت، "هەمواری بودجە دەبێتە سەرەتایەك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە هەڕەسەردراوەكانی نێوان بەغدادو هەولێر".

لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ شەممە لە ڕاگەیەندراوەكدا باویكردەوە، "لیژنەی دارایی پەرلەمان كەبونەوەیەكی فراوانی بە سەركایەتی عەتوان عەتوانی ئەنجامدا بۆ تاوتوێكردنی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی سێ ساڵەی پێشنیازی حكومەت، كە بەرنامەی كاری دانیشتنی سبەینێی لەخۆی گرتوە".

ئاماژەی بەوەشكرد، لە كەبونەوەكدا ڕێگاكانی ئامادەكردنی هەموارە حكومیە پێشنیازكراوەكەی تایبەت بە بڕگەی /12 لە یاسای بودجەی گشتی باسكرا، بەجۆرێك زامنی چارەسەری كێشەی تەچوی بەرهەمی نەوتی هەرەمی كوردستان بكات، وەك سەرەتایەك بۆ یەكلاكردنەوەی كێشە هەڕەسەردراوەكانی نێوان بەغدا و هەولێر.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، کەبونەوەکە، میکانیزمەکانی ڕەکخستنی پەیوەندی یاسایی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم و کەمپانیا نەوتیەکانی کەگەکانی هەرێم خستەو، لەلای جەکردنەوەی ئەو بڕگانەی کە هەموان پابەند دەکات بە جێبەجێکردنی و داخستنی دەروازەکانی خەدزینەوەو هەڵهاتن، لە بەجێگەیاندنی پابەندیە دەستوریەکان بەگوێرەی ماوەی زەمەنی دیاریکراو.

ئەوەشی خستەو، پەداگرن لە پەویستی پابەندبونی حکومەتی هەرێم بە هەناردەکردنی نەوتەکەی لەلای سەمەوەو، ئاگادارکردنەوەی حکومەتی فیدرالی لە گرەبەستە نەوتیەکانی و بەشداریپەکردنی لە ئیدارەدانی کەگەکان.